# باران

**تەها سلێمان**



**کەباران نەرم نەرم بەسەر شانی گەڵادا دادەبارێ**

**ئیتر منیش دەبمە دەروێشی (ئەوا) و**

**لێی دەپاڕێمەوە بۆ ئەوەی تینوێتیم بشکێ**

**کەگەڵا دەبێتە کچی شەرعیی باران و**

**پێکەوە سەرەتای هەوەڵین قەسیدەی عەشق دەنوسنەوە**

**ئیتر منیش لەڕەنگدانی دڵمدا**

**تارمایی هاتنی ئەوان دەنوسمەوەو**

**پێیان دەڵێم**

**کەی لەگەڵ باران ئاشتم دەکەنەوە**

**بەچپەیەک بەباران دەڵێم**

**بباره**

**زۆر زۆر زۆر**

**تا ژنێک کە هەمیشە دەگری ژیر بێتەوەو**

**غەرق بێ لە ئەفسوونی بارینی تۆ**

**بباره**

**زۆر زۆر زۆر**

**تامنیش بەتاڵ بمەوە لە ناهومێدی و**

**ئەویش پڕ بێتەوە لەمناڵی**

**بباره**

**زۆر زۆر زۆر**

**بۆ ئەوەی گەڵای درختەکان قەرسیلی ڕەنگ بنوێنن و**

**هەرچی باڵندەی فەقیریش هەن**

تینویان نەبێ

بباره

زۆر زۆر زۆر

با چیتر چرۆکانی خۆشنوودی زەرد نەبنەوەو

زنجیری دەفی گۆرانیەکانی دیاریش

ئاسوودە سۆزی پڕ گریانی خۆیان بژەنن

بباره

زۆر زۆر زۆر

بۆ ئەوەی بۆنی ژنێك بەسەر پشتی چۆڕاوەی بارینی تۆدا

بگاتە ئێرەو

گریانی بیر بچێتەوە

بباره

زۆر زۆر زۆر

بۆ ئەوەی ژنێك بتکا بە میلۆدیایی قەسیدەی گۆرانیەکی نوێ و

بەدەنگێکی ژنانە بۆمنت بچڕێ

باران تۆگوێت لێیە؟

ئاخر ئێستا ژنێك چاوەڕێی بارینی تۆیە

ئەو ئێستا دەفتەری دڵی ئامادەکردوەو

ئەبێ تۆ ڕووخسەتی بدەی تابتنوسێتەوە

بباره

زۆر زۆر زۆر

تاچیتر مەراق بەئارەزووی خۆی نەمانخواتەوەو

من و ئەو

تینوومان نەبێ

2007